# هاوسەنگی لە بازاری کار :

هاوسەنکی لە بازاری کار کاتیك بەدەست دێت کە خستنەرووی کار و خواست لەسەر کار یەکسان دەبیت ، ئامانج لەم بابەتە دیاریکردنی ئەمانەیە :

- کرێ راستەقینەی هاوسەنگ ( $\frac{W}{P}$ ) دیاری کردنی قەبارەی کاری هاوسەنگ ( $L$)
-
- دیاریکردنی بری بەرهەمی هاوسەنگ کە گونجاوە بەو برەی کار چونکە لە مەودای کورت بەرهەمهینان تەنها دەوەستیتە سەر فاکتەری ( کار ) فاکتەرەکانی تر نەگۆرن.

$$Y= f(L)$$

# خستنەرووی کار ( Ls ) :

بریتیە لەو کریکارانەی کە هیزی کاری خۆیان دەخنە بەردەم خاوەن کارەکان بەرامبەر بە دەستهینانی کرێ راستەقینەی گونجاو . هەرچەندە ئەو کرییە بەرزبیتەوە ئەوەندە خستنەرووی کاتژمیرەکانی کارکردنیان زیاد دەکەن دەست بەرداری کاتژمیری زیاتری حەوانەوە دەبن ، کەواتە خستەرووی کار پەیوەندی راستەوانە هەیە لەگەل کریێ راستەقینە :

$$Ls = f\left(\frac{W}{P}\right)$$

# خواست لەسەر کار ( Ld ) :

- ئەوەش لە لایەن دەزگاکان و پرۆژەکانەوە داوادەکریت کە داوای دەستی کار دەکەن بەرامبەر بە کریێ دیاریکراودا. هەرچەندە ئەو کرێیە کەم بێت ئەوە خواست لە سەر کار زیاتر دەبیت کەواتە پەیوەندی پیچەوانە هەیە لە نیوان خواست لەسەر کار و کرێ

**یەکەم ریگا**: خاوەنکارەکان بەردەوام دەبن داوای کریکار دەکەن هەتا ئەو کاتەی بەرهەمایەتی سنورەکی ( حدی ) دواین کریکار یەکسان دەبیت بەو کرێیەی پێ دەدریت .

کرێی راستەقینە = بەرهەمایەتی سنورەکی

$$\frac{\partial Y}{\partial L} = \frac{W}{P}$$

دووەم ریگا . ئەو کاتەی قازانجی خاوەن کارەکان دەگاتە بەرزترین ئاست هیچی تر داوای کریکاری تر ناکەن

قازانج = دەسهات - تیچون

$$\pi = PY - WL$$

$\pi$ : قازانج

$P$ : ئاستی گشتی نرخەکان

$W$ : کرێی نەختینی

$Y$ : بەرهەم

$L$ : ژمارەی کریکاران لای کلاسیکەکان خواست لە سەر کار بە دوو ریگا دەکریت

# ج) هاوسەنگی لە بازاری کار :

- ئەو تیبینیانەی گرنگە لیرە بیزانین :
- هاوسەنگی لە بازاری کار ئاستی کریێ راستەقینەی هاوسەنگمان بۆ دیاری دەکات
- کریێ راستەقینەی هاوسەنگیش  قەبارەی دیاری کاری هاوسەنگمان بۆ دەکات
- قەبارەی کاری هاوسەنگیش  قەبارەی بەرهەمی تەریب بەو کرییە دیاری دەکات ، ئەو بەرهەمەش لە باری بەکارهینانی تەواودایە کەواتە بیکاری نی یە وە ئەگەر هەشبێت ئەوە بیکاری ئارەزوومەندانەیە .

# هاوسەنگی لە بازاری کاڵا و خزمەتگوزاری

- هاوسەنگی لە بازاری کاڵا و خزمەتگوزاری کاتێك دروست دەبێت کە خواستی هەمووەکی یەکسانە بە خستنەرووی هەمووکی
- خستنەرووی هەمووەکی لەو کاڵاو خزمەتگوزاریانە پێك دێت کە بۆ بەکاربردن و بەرهەمهێنان دروستکراون، بەهای ئەو کاڵا و خزمەتگوزاریانەش پی دەگوترێت داهاتی نەتەوەیی ، ئەو داهاتەش دابەش دەبیت لە نیوان بەکاربردن و پاشەکەوت .
- بەلام خواستی هەمووەکی دوو جۆرە خواست لە سەر ئەو کاڵایانە بۆ بەرکاربردنی خیزانەکان و خواست لەسەر ئەو کاڵایانە بۆ وەبەرهینان.
- خواستی هەمووەکی = خستنەرووی هەمووەکی
- خواست بۆ وەبەرهینان + خواست بۆ بەکاربردن = بەهای بەرهەمهینان کە دابەش دەبیت نیوان ( بەکاربردن و + پاشەکەوت
- $I + C = C + S$
- $I = S$
- کەواتە بۆ ئەوەی هاوسەنگی دروست بێت لە بازاری کاڵا و خزمەتگوزاری پیویستە یەکسانی لە نیوان وەبەرهینان و پاشەکەوت بە دەست بیت ، ئەوەی ئەو یەکسانەیە بەدەست دەهینێ نرخی سودی راستەقینەیە

# هاوسەنگی لە بازاری نەخت

دەبێت کە خستنەرووی نەختینی و خواست لە سەر نەخت یا

سەر نەخت. ئامانجی کلاسیکیەکان لەو هاوسەنگیە ئەوە بوو کە ئاستی گشتی نرخی پی دیاری بکەن.

أ) خستنەرووی نەختینی :

لای کلاسیکەکان خستنەرووی نەخت گۆڕاویکی سەربەخۆیە دەسەلاتی نەختینی یان بانکی ناوەندی

$$Ms = \bar{M}_0$$

خستنەرووی نەختینیهاوسەنگی لە بازا Ms :